# پرسیاریک لە جەلال تالەبانی!!

**سیروان ئەمین**

بۆچی لە مەملەکەتەی ئیوەدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق قەدەغەیە؟؟
ڕاپێچکردنی زمناکۆ عەزیز ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق و ئەندامی دەستەی داکۆکی کردن لە خەڵکی شاری سلێمانی بۆ زیندانەکانی یەکێتی نیستمانی کوردستان و قسەکانی بەڕیوەبەری ئاسایش لەمەڕ ناقانونی بوونی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری جارێکی تر ئەو پرسیارەی سەرەوە دەورژێنێ و هەموو کەسێکی چەپ و ئازادی خواز بۆی هەیە بیکات .

جەلال تالەبانی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەیانەوێ تەجروبەی کوردستان بگوێزنەوە بۆ شوێنەکانی تری عێراق و ڕۆژیش نییە ئەم تەجروبەیە نەدەنە چاوی هاوپەیمانەکانیادا لە بەغداو خۆیانی پێوە بانەدەن بەتایبەتی کە هەر بەرپرسێکی ئەوروپی یان ئەمریکی دەگاتە کوردستان یەکسەر دەکەونە پیاهەڵدانی ئەم دیموکراتیە، ئەویش بەچی بە بەراورد کردنی لە گەڵ باقی شارەکانی تری عێراق کە زۆرتر لە بەرەیەکی شەڕ دەچێ تا لە شار و وڵات بەدەس هەردو لایەنی تیرۆریستەوە( ئەمریکاو و ئیسلامی سیاسی.)

ئێمە دەبێ بپرسین ئەوە کوێی دیموکراتیە ئەگەر لە خۆپێشاندان تەقەبکرێت و خەڵک بەر گولە بدرێت؟

دەبێ کوێی ئەم دەڤەرە دیموکراتی بێت کە تەنها لە بەر کۆبونە بۆ دیفاع کردن لە مافەکانی خەڵک ئینسان ڕاپێچی زیندان بکرێت سوکایەتی پێبکرێت؟

کوێی دیموکراتیە ئەو دەڤەرە کە یەکێتی بەکەیفی خۆی ئەحزاب ریز دەکات لە ئیسلامی ڕەسەن و ناڕەسەن و حیزبی دەستەچەپ و دەستەڕاست بۆ بەڵی کردن بەس؟ ئەی بۆ حیزبێکی وەک کۆمۆنیستی کرێکاری دەبێ چالاکی قەدەغە بێ و دەستی نەگاتە هیچ ئیمکاناتێک بۆ بەڕیوەبردنی سیاسەتەکانی خۆی؟ ئەویش تەنها لەبەر دوو هۆ کەیەکەمیان پەردەهەڵدانەوەیە لە سەر ڕوی دزێوی دەسەڵات و ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە گەندەڵیەکەی، کە لە ئۆپۆزیسۆنی هەر وڵاتێکدا زۆر باو و ئاساییە دوەمیش لەبەر خاتری ئیسلامیەکان بەگشتی و جمهوری ئیسلامی بەتایبەتی کە ئێرانی کردوەتە زیندانێکی گەورە بۆ خەڵکەکەی.

ئیتر قسەکردن لە سەر دیموکراتی ومافی مرۆڤ چەند دروستن و قسەکانی جەلال تالەبانی و حیزبەکەی چەند لە ڕاستیەوە نزیکن، خۆ بە قسەی سەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێت کۆمۆنیستە کرێکارەکان لەچەند کەس تێپەڕ نابن و مەلا بەختیار کە یەکێتی بۆ جوانکردنی دەموچاوی خۆی بەکاری دەهێنێ لە چاوپێکەوتنێکی ڕادیۆیدا لە دەرەوەی وڵات وتی کۆمۆنیستە کریکاریەکان 15 کەسن،باشە ئەگەر وایە بۆ یەکێتی دیموکراتیەکەی هەندێ باشتر ناکات و ئیجازەی ئە چەندکەسەش نادات تا ئازادانە سیاسەتی خۆیان بکەن..

شایانی وتنە کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە 14.7.200 بەدواوە چەندجار داوای ئیجازەی کردوە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەڵام هەموو جار داواکەی ڕەتکراوەتە.
مەسەلەیەکی تر هەڵس و کەوتی پیاوانی ئاسایشە کە سەرەڕایی نە بوونی هیچ ئەمرێکی ڕەسمی هەرکەسێ دەستگیر دەکەن پێش ئەوەی هیچ تاوانێکیشان لەسەر ئیسپات کرابێ بەعسیانە دەس دەکەن بەسوکایەتی کردن پێی و ئازاردانی نەفسی و جەسەدی دکەن بێ ئەوەی کەس پێیان بڵێ پشتی چاوتان برۆیە، جا ئەمانە تەنها نمونەی مشتێکن لە خەرمانی هەلس و کەوتی دەسگا ئەمنیەکانی یەکێتی نیستمانی کوردستان لە گەڵ نەیارانی سیاسی خۆیان کە جەلال تالەبانی سکرتێرەکەیەتی و ڕۆژ نیە بەهەشتی کوردستانمان بیرنەخاتەوە .

ئەمان کە سەروەت و سامانی ئەو خەڵکەیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردوەو وەک فیرعەون دەژین و خەبەرێک لە خزمەت گوزاری نیەو بێ ئاوی و بێ کارەبای و نەبوونی بەنزین بوونەتە گەورەترین کێشەی خەڵک، وە ئەگەر لایەنێک یان کەسانێک بێن بەرِوی ئەم بێ مافیەدا خۆپیشاندان بکەن ڕوو بەڕوی کوشتن و زیندان دەبنەوە، خۆ دیموکراتی هەر قسە نیە کوا لە سەر ئەم کارانە لە وڵاتانی دیموکراتیدا خەڵک تەقەیان لێ دەکرێ و دەخرێنە زیندان، ئەم پێشێلکاریانیە تەنها لە وڵاتە ئیسلامی و دواکەوتو و دیکتاتۆرەکاندا مۆدی هەیەوکاریپێدەکرێ.

ئێستا لە کوردستان و لە هەردوو حکومەتەکەشدا ئاسایش کە تانها ئاسایش نیە خەڵک نەک لە پیاوەکانی بەڵکو لە ناوەکەشیان سڵ دەکەنەوە خۆشیان ناوێن و جیاوازیەکیان نیە لە گەڵ هەر دەزگایەکی سەرکوتگەری دیکتاتۆریەتداو لە پاراستنی بەدەسەڵات بەولاوە کارێکی تریان نیە، ئایا ئەم دەسگایە چیمان بیردەخاتەوە ؟
کەلەپچە لە دەسکردن و قسەی سوک و جنێو شێوازی کێن؟ پرسیارەکان وەڵامیان ناوێ و ئاشکران بۆ هەموو بۆیە باشتر وایە جەلال تاڵەبانی هەندێ باری گوزەرانی خەڵک چاک بکات و ڕێگە بە ئازادی کاری سیاسی و خۆپیشاندان بدات بۆ هەموان ئەو کات باس لە مافی مرۆڤ و دیموکراتی بکات.